کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
23-6-2007 21:33 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## عەلمانیەت وەک پێداویستیەکی کۆمەڵگە ... سۆران عەزیز

بابەتی سەرەکی عەلمانییەت لە جیهاینی ئێمەدا مەسەلەی ئایین نییە وەك باوەڕی کۆمەڵێك خەڵك بە جیهان و خالق و پیرۆزییەك لە دەرەوەی جیهانی ئێستادا، عەلمانیەت ڕاگەیاندنی شەڕ نییە لەگەڵ باوەڕی دینیدا، کۆتایی هێنان نییە بە موقەدەس، بانگهێشتکردن نییە بۆ بێڕێزی و عەدەمیەت، بەڵکو چۆنیەتی ڕێکخستن و داڕشتنەوەی هۆشیاری جیهانە بەوەی چۆن لەم جیهانەدا بژین و چۆن پێکەوە ڕێکی بخەین، چۆن دایڕێژین چۆن بەڕێوەی بەرین، چۆن بیربکەینەوە، چ شوێنێك بە موقەدەس بکەین و چۆن یەکدی پێناسە بکەین، ئەمانە ئەو باس و خواسانەن کەعەلمانیەت خۆی پێوە خەریك دەکات.

دیارە عەلمانیەت باسی تێکەڵنەکردنی ئایینە بە سیاسەت، جا ئەگەر خەباتگێڕانی ئیسلامی سیاسی جیهان تێکەڵ یان نوقمی کەن لە نێو ئاییندا و دەرەوەی ئاین بەعەدەمیەت یەکسان بکەن، وەك ئەوەی لە دنیای ئیسلامیەکانی ئێستای کوردستان و دەرەوەش دەبینین، ئەو کات کاری عەلمانیەکان بەرگریکردنە لە بوونێك، بێ ئەوەی ئەم بوونە بێڕێزی بگەیەنێت، بۆ ئەوەی درێژە بە بابەتەکە بدەین، هەمیشە وەك ڕۆژنامەنووسێك لە خۆم و لە هەندێ لەو چاوپێکەوتنانەی کە دەربارەی عەلمانیەت کردوومن بەردەوام ئەو پرسیارەم کردووە ئایا بەڕاستی بۆچی عەلمانیەت لە ڕۆژهەڵات بەگشتی و کوردستان بەتایبەت سەرنەکەوت؟ بۆچی عەلمانیەت لەگەڵ دیموکراسی نەبوونە زەروریەتی کۆمەڵگەی ئێمە لەکاتێکدا ئێمە زۆر پێویستمان بەم دوو چەمکە هەیە. هەموو کاتێك دەپرسم ئایا ئەوەی لە ڕۆژئاوا ڕوویدا کە بووە هۆی سەرکەوتنی عەلمانیەت بەسەر هەموو پرۆژە ئاینییە سیاسیەکان چی بوو ئایا ئەوە حزب و ڕێکخراوەکان کردیان یان ڕۆشنبیران؟ ئایا کۆمەڵگەکانی ئەوان گەیشتبوونە ئەو ڕایەی کە عەلمانیەت وەك پێداویستی کۆمەڵگاکانی خۆیان سەیربکەن یان پرۆژەیەك بوو، بێ خواستی کۆمەڵگەکان فەرز کرا بەسەریاندا وەك ئەوەی لە تورکیا بینیمان. یەکێکی تر لەو پرسیارانەی من بەردەوام کردوومە و دەیکەم ئەوەیە ئایا پارتی و یەکێتی وەك دوو حزبی گەورەی کۆمەڵگەی ئێمە کە ناویان لەخۆیان ناوە عەلمانیەت یان دیموکراتی تا چەند ئەم دوو چەمکەیان تێدا ئامادەیە، یەك لەو وەڵامانەی بە شێوەیەکی کۆنکرێتی من لەو بابەتە لەرێگەی ڕۆشنبیریانەوە دەستم کەوت ئەوەیە کە پارتی و یەکێتی نەك عەلمانی نین، بەڵکو ڕێگرێکی گەورەشن لەبەردەم گەشەکردنی عەلمانیەت لە وڵاتی ئێمە، کە ئەمەش زۆر نائومێد بەخشە. بەڵام من بەدەر لە هەموو ئەو شتانە پێموایە کە ئەوەی لە ئەوروپا یان بە گشتی لە ڕۆژئاوا ڕوویدا پێویستی عەلمانییەت بوو لەنێو کۆمەڵگەی ئەو کاتی ڕۆژئاوا و ئەو زوڵم و زۆرە بوو ئەوکات دەسەڵاتی ئایین لەنێو کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایدا دەیکرد، ئەمە بووە هۆی زەروریەتی عەلمانییەت لەنێو کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا، بۆیە ئەوەی جێی سەرنجە ئێمە لە ڕووی ستراکتۆرەوە کۆمەڵگەیەکی زۆر داخراوترین لەو کاتەی ڕۆژئاوا. ئەوەتا ڕۆژانە بە نێوی شەرەفەوە ئافرەت دەکوژرێت هەرچی تروسکایەکی ئازادییە بۆ تاك لەنێو کەلتووری ئێمەدا نییە، دامەزراندنی هەرچی دەزگا هەیە لەسەر ئەم ستراکتۆرە داخراوە بۆتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگەیەك دروستی بکات نەزانێت پێداویستییەکانی چییە، تاکێك بەرهەم دێنێت نازانێت عەلمانییەت یان دیموکراسی بوون یەکسانە بە بوونی ئەو ئەو ستراکتۆرە، کچێك دروستی ناکات وا هەست بکات عەلمانییەت یەکسانە بە پۆشینی جل بە ئازادی و کوڕێك دروستی ناکات وا تێبگات دیموکراسیەت یەکسانە بەماچی خۆشەویستەکەی. بۆیە لەکۆمەڵگەیەکی ئا لەم جۆرەدا ئا لەم ئاستەدا عەلمانیەت یان پرۆسەی بە عەلمانیکردن پرۆسەیەکە دەبێتە هۆکاری بەرپابوونی گۆڕان لە گشتیەکی کۆمەڵگادا، گۆڕان لە ناوەندو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هێزو ناوەندەکان کۆی ئەو کایەکانی کە ژیانی کۆمەڵایەتی بەڕێوەدەبەن. نموونەی ئەم جۆرە گۆڕانانەش بریتین لە گۆڕان لە سیستەمی ئابووری و پەروەردەو فێرکردن، سیستەمی قەزایی، سوپا، سیستەمی تەندروستی و سیستەمی خێزان، ... هتد. پرۆسەی بە عەلمانیکردن یان ئەوەتە دەزگای نوێ لەم سیستەمانەدا دروست دەکات یان ئەوەتە دەزگا کۆنەکانی ناو ئەم سیستەمانە ناچار بە گۆڕانی گەورەو گرنگ دەکات. لە ڕاستیدا بەرپابوونی گۆڕان لەم ئاستە بونیادی و دەزگاییەدا هێمای گواستنەوەی کۆمەڵگایە لە قۆناغێکی مێژووی تایبەتەوە بۆ قۆناغێکی مێژووی دیکە، دەشێت ئەم گواستنەوەیە بە قۆناغی گواستنەوە لە هەلومەرج و ڕۆژگاری بەر لە مۆدێرنەوە بۆ هەلومەج و ڕۆژگاری مۆدێرنە ناو ببەین، لەم گواستنەوەیەدا پرۆسەی بە عەلمانی بوون کۆی سیستەمی تەقلیدییەکان و ئەو دەزگایانەو ئەو سیستەمەی بەڕێوەبردنە ناچار بە گۆڕانکاری گەورەو گرنگ و هەمەلایەنە دەکات، ئەوەی لێرەدا گرنگە باسی لێوە بکەین ئەو ڕاستییەیە کە لە قۆناغەکانی بەر لە پرۆسەی بە عەلمانی بووندا کۆی ئەو دەزگا تەقلیدیانەی کە ژیانی کۆمەڵایەتیان بەڕێوەبردووە، بە ڕادەیەکی زۆر، لەژێر کاریگەری دەسەڵاتی پیاوانی ئاییندا بوون ئەوانەش وەك سیستەمی خوێندن و سیستەمی قەزاو سیستەمی ئابووری و تەندروستی و سیستەمی خێزان و کۆی سیستەمەکانی دیکەیان بەڕێوەبردووە.
یان کاریگەی زۆریان لەسەر هەریەك لەم سیستەمانە هەبووە، پیاوانی ئایینی و دەسەڵاتدارانی گریمان پێشداوەرییەکانی ئایین بوون، یان لایەنی کەم هەموویان ملکەچی یاساو بۆچوون و فەرمانەکانی پیاوانی ئایینی بوون. هەمووی لەنێو دەبات سیستەمێك دروست دەکات یاسا بەڕێوەی بەرێت دواتر پرۆسەی بەعەلمانی بوونی (کۆمەڵایەتی و بونیادی) دەزگا کۆنەکان دەستی لە ئایین دەردەهێنێت دەیان دەزگای نوێش دروست دەکات کە بەهیچ جۆرێك ناچێتە ژێر دەسەڵاتی کۆمەڵێکەوە بەناوی دەسەڵاتی ئایینەوە ئەم دەزگا نوێیانە نە دەکەونە ژێر کاریگەری دەسەڵاتی نوێوە کە پرۆسەی تازەبوونەوە دروستیان دەکات هەریەك لەو دەزگایانە یاسای نوێی تایبەت بە خۆیان بەرهەم دێنن لە سایەی ئەم پرۆسەیەدا بۆ نموونە پرۆسەی خوێندن و پەروەردەی کۆن لەناو دەچێت لە شوێنیدا سیستەمی نوێی مۆدێرن دروستدەبێت ئەم سیستەمە چیدی ئامادە ناکرێ بۆ ئەوەی بوونەوەرێکی ئایینی بەرهەم بێنێت کاری لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی ئایین بێت، لەلایەکی دیکەوە هەرچی پرۆسەی بە عەلمانیکردنی خودییە بریتییە لە کۆی ئەو کاریگەریانەی لە عەقڵ و بۆچوون و دیدو سایکۆلۆژیای و ڕوحیەتی تاکە کەسەکاندا بەجێدەهێڵێت، بریتییە لە دەسکاریکردن وێنە و خەیاڵی عەقڵی تاکەکەسی.
کەواتە گەر بە عەلمانیبوونی بابەتی پرۆسەی گۆڕانی پێدراوە کەلتوورییە گشتیەکان بێت واتە پرۆسەی گۆڕانی فەزای کەلتوور بێت وەك گەشتێك ئەوا عەلمانی بوونی خودی پرۆسەی گۆڕانی مرۆڤە وەك زاتییەت. یەکەمیان گۆڕانە لە شتە گشتییەکانی نێو کەلتووردا دووهەمیان گۆڕانە لە عەقڵ و خەیاڵ وێناکردنەکانی تاکە کەسی. بە کورتی پرۆسەی بە عەلمانیبوون لە ئاستی کەلتووردا هەم دەبێتە هۆی گۆڕانی فەزای گشتی کەلتوور لە کۆمەڵگادا هەم هی تاکەکەسی، لە دوایدا عەلمانییەت دەتوانێت ببێتە هۆی گۆڕان لە هەموو ئەم ئاستانەدا لەنێو کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو داخراوی وەك ئەوەی ئێمەدا عەلمانیەت پێداویستییەکی ڕۆژانەیە لەکۆمەڵگایەکی لەم جۆرەدا بەبی عەلمانیەت مەحاڵە بتوانین هەنگاو بەرەو کرانەوە بنێین، بۆیە زەروریەتی عەلمانیەت لە کۆمەڵگایەکی لەم جۆرەدا هاوشان لەگەڵ دیموکراسیدا پێداویستییەکی حەتمیە بۆ گۆڕانێکی جەوهەری لە کۆمەڵگای ئێمەدا.
تێبینی:
ئەم بابەتە لە ژمارە"232"ی ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرتدا بلاوکراوەتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.